# بة ثةلة

## (سنوربەزاندن بەهونەرەوە)

ئێمەی کورد،بە بەردەوامی گوێ لە گۆرانیەکانی خۆمان ئەگرین و شانبەشانی ئەمەش گوێمان گرتوە لە گۆرانی عەرەبی و تورکی و فارسی و بگرە هیندی و تا ڕادەیەکی ئەوتۆش ئینگلیزی، بەڵام جێی داخە هیچ کام لەو نەتەوانە هەرگیز گۆێیان نەگرتوە لە گۆرانیەکی کوردی، ئەمەش بە چاوپۆشین لە هەندێ عەرەبی جارانی عێراق، بەتایبەتی بەغایەکانیان، کە بە هۆی ڕادیۆی کوردی بەغداوە فێر بوبوون یەک دوو دێڕ لەگۆرانیە نازدارەکەی شەماڵ سائب (ئەرێ لەیلێ)و پاشانیش بە هۆی قوتابیانی زانکۆی سلێمانیەوە گۆرانی(چاوت جوانە لەیلا) یان کردبوو بە وێردی ژێر زمانیان٠٠٠ بێگومان هۆکاری ئەمەش ئەوەندە زۆرە، ئەگەر لێرەدا پێکەوە بەسەریان بکەینەوە، بڕوا ناکەم هونەرمەندێکی گۆرانی بێژو مۆزیکارێک و شاعیرێک بمێنێ گلەیمان لێنەکات، لەبەر ئەوە بۆ ئەمەیان جارێ (عال نەکولێوە شێلم!)، بەڵام ئەوەی ئاوێکی سارد ئەکات بە دڵ و دەرونی پیاوا ئەوەیە لەم ڕۆژانەی ڕابوردودا لە فرانکفۆرت ئاهەنگی (٥٠)ساڵەی تەمەن و ژیانی هونەرمەند (شڤان پەروەر) سازکراو تیایدا هونەرمەندێکی گۆرانی بێژی نەمساوی چەند کۆپلەیەکی لە گۆرانیەکەی شڤان(جانا)ی تا ڕادەیەک بە چاکی وتەوە٠

بەش بەحاڵی خۆم ئەڵێم شێکی لەم جۆرە، کە لە کاتو سات و جێگای خۆیدا ئەکرێت، شتێکی ئەوتۆی کەمتر نیە لەو ڤیستیڤاڵە هونەریانەی کە بە تەنی بۆ سەرف ئەکەن و بە تەنەهاشی لێ قاچ و قوچ ئەکەن و هێشتا گۆرانی کوردی نەیتوانیوە بە قاچاخیش سنوری خۆمان ببەزێنێ، بەڵام ئەمجارە بەپێچەوانەوە لە ئەودیوی سنوری خۆمانەوە، یەکێکی بێگانە بەپێی هونەری خۆی ـ نەک بەسواری دەبابە- هات و گۆرانیەک لەو هەزارەها گۆرانیەمانی وتەوە، ئەمەش هەر هیچ نەبێ بەلا ی کەمەوە مایەی دڵخۆشیە نەک دڵگرانی٠

ڕەنگە کاکە شڤان لەو بیرەوەریەیدا چەندان کارت و دیاری جوانی وەرگرتبێت، بەڵام وا بزانم لەهەمویان بەبەهاتر بۆ خۆیی و بۆ میللەتەکەی ئەو کۆپلە گۆرانیەی خۆی بوو کە ئەو هونەرمەندە نەمساویە وتیەوە٠

کەواتە پیرۆزبێ بیرەوەری پەنجا ساڵەی تەمەن و ژیانی (شڤان)ی مرۆڤ و هونەرمەند٠

**قالة**